

# مستەفا زەمانی (یوسفی راستگۆ):

# جوانی دەروون لە جوانی روخسار گرنگترە

**(یوسفی راستگۆ) زنجیرە درامایەکی ئێرانی مێژووییە باس لە چیرۆکی یوسفی پێغەمبەری کوڕی یەعقوب دەکات، ئەم زنجیرەیە لە ٤٥ ئەڵقە پێکدێت، لە ساڵی ٢٠٠٤ دەست بە وێنەگرتنی کرا و تا ساڵی ٢٠٠٨ تەواوبوو، لە کەناڵی (کەوسەر)ی ئێرانی نمایش کرا، دوای ئەوەی بۆ زمانی عەرەبی دۆبلاژکرا بوو، بە یەکێك لەسەرکەتووترین زنجیرە دراماکان و بڕیار وایە جگە لە زمانی عەرەبی بۆ سەر چەند زمانێکی دیکە دۆبلاژ بکرێت.**

**دەرهێنەر: ویستمان(یوسف)ێك پێشکەش بکەین کە نەناسراو نەبێت .**

فەرەجوڵلا سلحشوری دەرهێنەری ئەم زنجیرەیە کە لە هەمانکاتدا دەرهێنەری چەندین کاری دیکەیە وەك (یارانی ئەشکەوت) تۆبەی نەسوح، ئەیوب پێغەمبەر، و چەندین کاری دیکەی هونەری دەڵێ:( هەر کە ناوی یوسف دێت خەڵك بیر بیریان بۆ ئافرەتێکی جوان دەچێت کە چەقۆیەکی لە دەستدایە و هەر کە چاوی یوسف و جوانییەکەی دەکەوێت دەستی بریندار دەکات، سەرەڕای ئەم باگراوەوندەش من پێموابوو دۆزینەوەشی سیمایەکی جوان و دووچاوی رەنگاو رەنگ، لە نێو هەزاران کە بەشدارن لە کارێکی سینەمایدا کارێکی زۆر زەحمەتە نییە، ئێمە یوسفمان لە نێو ٣٠٠٠ کەس هەڵبژارد کە هەموویان خاوەن قژێکی درێژ و ریشێکی ئێك ئالاوی سوڕا و دوو چاوی رەنگاورەنگی جوانن و تەنیا یەك جار بە بەردەم شاری سینەمای خوارووی تاراندا تێپەڕی بوو، مستەفا زەمانی بە پێچەوانەی ئەستێرەکانی دیکەی سینەمای حەزی نەدەکرد بە پێچەوانەی راستی دەرکەوێت بۆ ئەوەی زیاتر لەواقیع نزیك بێت و بەو شێوەیە بژیت کە یوسف پێغەمبەر تێدا ژیاوە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ئەم کارەش وامان لێدەکات رەخنە لە رۆڵەکانی نەگرین، وەك پیشەکارانی سینەما، چونکە پیشەکار ناتوانێت بیدۆزێتەوە یان بەدوایدا بگەڕێت، لەسەر و سیما و روخساری دەرەوەی مرۆڤ ئەوەی لەبەرچاوە، بەڵکو راستی و پاڵنەرێکی غەریزەییە لەگەڵ مرۆڤ گەشە دەکات.

سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی مستەفا زەمانی بۆ بینیی ئەم رۆڵە لەنێو ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەران لە ئێران فەرەجوڵڵا دەڵێت: من حەزم کرد ئەکتەرێك رۆڵەکە ببینێت کە جەماوەر تا ئێستا نەیناسی بێت و پێشتر پێی ئاشنا نەبووبێت بۆ ئەوەی کەسایەتییەکە وەك پێویست بەرجەستە بکرێت و بۆ ئەوەی بینەر بەدوای رابردووی ئەکتەرەکەدا نەگەڕێت، هەروەها جوانی ئەکتەریش ئامانجێکی گەورەی ئێمە بوو منیش ئەم سیفاتە پێویستانەم لە مستەفا زەمانیشدا دۆزیەوە بۆیە لە کۆتاییدا ئەومان هەڵبژارد.

### جوانی ناخی مرۆڤ گرنگترە

مستەفا زەمانی کە لاوێکی سەروسیما جوان و سەرنجڕاکێشە، دەربارەی تایبەتمەندی یاخود و هۆکاری یارمەتیدەر بۆ هەڵبژاردنی بۆ ئەم رۆڵە دەڵێ: دەربارەی چیرۆکی یوسف پێغەمبەر پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەو جوانییەی مەبەستە جوانی ناخە نەك جوانی سەرو سیما و ئەم جوانییە دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕینی دید و بۆچوونی خەڵك بۆی، سەرەڕای ئەمەش هەندێك کەس کە رەنگە سیما و روخساریان زۆر جوان نەبێت، بەڵام زوو دەکەونە دڵی خەڵکەوە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە، من پێموایە دەرهێنەر بە جددی رەچاوی ئەم کارەی کردوە منیش هەستم بەو تایبەتمەندییەم دەکرد لە خودی خۆمدا، بەڵام جوانی سیما رەنگە هەندێك مکیاژ داپۆشێت وەك رێزگرتنێك بۆ فیرعەونەکانی میسر، بەرهەرحاڵ زۆر کەسی خاوەن جوانی جیاکەرەوە و تایبەتمەند هەبوون بۆ ئەوەی ئەم رۆڵە ببینن، بەڵام دەرهێنەر سەرەڕای جوانی چاودێری هەندێك شتی دیکەی دەکرد و هەستی بەوەکرد کە من هەندێك لەو شتانەم هەیە.

دەربارەی ئەو رۆڵەی کە کاریگەری لەسەر کەسایەت خۆی لە کاتی نواندنی رۆڵە هونەرییەکانی دیکە دەڵێ: من زۆر سەرسامم بە رۆڵی بەڕێز فرۆتن لە فیلمی (قورمز) لەوکاتەی ئەو رۆڵەم بینی عەشقی نواندن بووم و لەو رۆژەوە حەزم لەو رۆڵانەیە کە لایەنی دەروونی تێیدا زاڵە، تەنانەت کاتێك بە شەقامدا دەڕۆیشتم هەوڵم دەدا رۆڵە کە بەرجەستە بکەن ئەمەش وایکرد رووبەرووی دراوسێییەکەم ببمەوە کە نەمدەناسی و زۆریش خەمی بۆ خواردم.

### راوێژم بە دەرهێنەر دەکرد

**پەیوەندی نێوان ئەکتەر و دەرهێنەر مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی هەر کارێکی هونەرییە**

لەم بارەیەوە مستەفا زەمانی دەڵێ: من پێموایە کاری زنجیرەی (یوسفی راستگۆ) دەبوایە بەپێی ویست ودیدی دەرهێنەر بوایە، ئەمەش کارێکە کە زۆر لە ئەکتەر و ئەستێرەکانی سینەمای ئێرانی پێی رازی نین

سەرچاوە ئەنتەرنێت

و قبوڵی ناکەن، زۆر جاریش سروشتی کارەکە وا دەخوازێت کە ئەکتەر لەسەریەك ئاست بێت، لەبەر ئەوەی ئەو رۆڵەی پێم سپێردرا لەم زنجیرە بە رۆڵێکی نەبوو کە نموونەی هەبێت و پێویست بوو لەسەرم کە رۆڵی پێغەمبەرێکی دیاریکراو ببینم، بۆیە زۆر ئاسان نەبوو ئەمەش ناچاری کردم راوێژ بەکەسانی دیکە بکەن لەوانەش دەرهێنەر بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

لە هەندێك گرتەی هەستیاردا منیان تا رادیەك تورە دەکرد بۆ بەشێوەی پڕ حەماستر رۆڵەکە ببینم، بۆ نموونە لەو گرتەیەدا کە روحی یوسف دەردەچێت و دەبینێت فریشتەکان دەوریان داوە ترس و گریان دایدەگرێت، پێویست بوو لەسەرم رۆڵی کەسێکی پەشیمان کە بارودخەکە کاری تێکردووە وەك ئەوەی کەسێك کە باوکی خۆی فرۆشتبێت بە کەسی غەریبە، لەو حاڵەتەدا نەمتوانی وەك پێویست رۆڵەکە ببینم تا ئەو کاتەیش دەرهێنەر خۆی هاتە لام و چەند نموونەیەکی بەرزی هێنایە پێش چاوم بۆ ئەوەی زیاتر هانم بدات، بۆیە دەڵێم ئەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان من و دەرهێنەر زۆر یارمەتیدام بۆ ئەوەی رۆڵەکە بەباشی ببینم.

**وەك مستەفا زەمانی دەڵێ: رۆڵی یوسف پێغەمبەر تا رادیەك نموونەی نەبووە، دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم مەسەلەیە گرفتی بۆ دروست نەکردووە لە بەرجەستەکردنی ئەو رۆڵە وەك خۆی، مستەفا لەم بارەیەوە زەمانی دەڵێ:**

ئەو کەسەی رۆڵی یوسف پێغەمبەر دەبینێت پێویستە لە ژیانیدا ئاڵۆزی و ماندووبونی زۆری ببینێت، منیش بەڕاستی گوزارشتم لەوە دەکرد کە لە ناخمدا هەیە، کاتێك لە زیندان رۆڵم دەدیت یان لەو دیمەنەی کە لەگەڵ یەعقوب پێغەمبەر قسەم دەکرد وا هەستم دەکرد کە لەگەڵ باوکی راستەقینەی خۆم قسە دەکەم، بەتایبەتی کە من دایك و باوکی خۆم زۆر خۆشدەوێت و لە ماوەی وێنەگرتندا لێیان دوور بووم، کەواتە هەستەکانی من راستەقینە بوون و بینەریش هەست بەوە دەکات کە راستەقینەیە، بەهەرحاڵ من پێموایە ئەم هەموو حاڵەتانە و تەنانەت چوونی من بۆ ناوبواری سینەماش بە ویست و ئارەزووی خوای مەزن بووە.

هەروەها پێموایە ئەو ناخۆشی و ماندووبوونەی تا ئێستا لە ژیانی خۆمدا چەشتوومە و دوور نەبوون لە حیکمەت.

**دەربارەی باکگراوندی هونەری و زانیارییەکانی لەبواری سینەماش، مستەفا زەمانی دەڵێ:**

تەجروبەکانی مرۆڤ لە ژیانی راستەقینەدا گەورەترین گەنجینەیە، چونکە تۆ ئەگەر بۆ چەندین جار کتێبێك بخوێنیتەوە ئەگەر بە پراکتیك نەچیتە نێو گۆڕەپانی ئەکتەری و وێنەگرتنەوە لەوانەیە لە راستی و چەمکەکانی کاری سینەمایی نەگەی، هەروەها کاری شانۆیی لەوانەیە هەمان تەجروبەی سینەما بە ئەکتەر نەبەخشێت، هەر چەندە من لە قوتابخانە و زانکۆ بەشداریم لە چەند نمایشی شانۆییدا کردووە، بەڵام ئارەزووم لە کاری سینەماییە زیاترە لە شانۆ، چونکە دەرفەتی بیرکردنەوەی زیاتر بە مرۆڤ دەبەخشێت، سەبارەت بەسەرکەوتنی فیلمی سینەماییش پێموایە ئامادەبوونی جەماوەر و پلیتەکان باشی و رەخنەگران مەرجێکی کۆتایی نییە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر سەرکەوتنی فیلم بدرێت لێرەدا هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئامۆژگارییەك لە ئەستێرەکانی سینەما بکەم ئەویش ئەوەیە خۆیان دوور بخەنەوە لە خۆبایی بوون، چونکە هەر چەند شانازی بەخۆیانەوە بکەن و ناوبانگ دەربکەن ئەوا دەکەون.

دەربارەی ئەو ئاستەنگانەی هاتینە سەر رێگای و چۆنییەتی خۆگونجاندنی لەگەڵ رۆڵەکە مستەفا زەمانی دەڵێت: من زۆر شتم دەربارەی ئەم چیرۆکە نەخوێندبوو، بەڵام هەندێك کتێبم خوێندبووە پێشەوەی وەك دەشزانن هەر سیناریۆیەك بەپێی بارودۆخی تایبەتی خۆی دەنووسرێتەوە و کارێکی سروشتییە کە بینەر هەست بە جیاوازییەك بکات لە نێوان واقع و ئەوەی لە سیناریۆکەدا دەنووسرێتەوە، چونکە رەنگە هەندێك کەس بۆ راستی یان واقیعی رووداوەکان نەچێت، وەك هۆکارەکانی راکردنی یوسف پێغەمبەر سڵاوی خوای لەسەربێت لە جوانترین ئافرەتەکانی میسر ئەمەش کارێکە پێویستە لە هزرو هۆشی بینەری نزیك بکەینەوە.

من دوو راهێنەرم هەبوو لە بواری ئەکتەری و راهێنەرێکی دیکەشم هەبوو فێرە ئەسپ سواری دەکردم، هەروەها دەرهێنەریش فێری چۆنیەتی شەڕکردنی دەکردم بەشمشێر، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێکی دیکەش بکەم ئەویش ئەوەیە هەموو کەسێك نەیاری یان کەسانێك هەیە کە دژی رادەوەستن منیش بەهەمان شێوە هەندێك کەس نەیارم هەبووە لەگەڵ دەستپێکردنی زنجیرەکە، ئەمەش کارێکی سروشتییە و من زۆر رێزم بۆیان هەیە.







# هونەرمەند سۆران ئیبراهیم خەیات بۆگوڵان:

# هەنـــدێ هونەرمەند ناتوانـــن بەڕاشکاوانە قسە بکـــەن

***ئەو لە خانەوادەیەکی هونەرمەند هاتۆتە دنیاوە کەسێکی سادە و ساکار و قسە خۆش و شارەزایی بواری هونەری گۆرانی مۆسیقایە ژەنیارێکی باشی ئامێری (کەمان)ە، جگە لەوەی دەنگێکی خۆشی هەیە خاوەنی سەلیقەیەکی باشە لە بواری کاری بیژەریدا و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی(میوانی تۆین) لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات کە بینەری زۆر لە دەوری بەرنامەکە کۆبوونەتەوە، بۆیەش ئێمە بەچاکمان زانی ئەم دیدارەی لە شاری سلێمانی لەگەڵدا ساز بکەین.***



**هونەرمەند بەمشێوەیە باسی لەسەرەتاکانی ژیانی خۆی کردوو گوتی:** لە ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی سەرکارێزی شاری سلێمانی لە دایك بووم قۆناخی سەرەتاییم لە قوتابخانەی زێوە تەواوکردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٨ ئێمە بە ماڵەوە چووینە گەڕەکی سەرچنار پاشان پۆلی پێنجەمی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانم تەواوکرد، دواتر بەرەو وڵاتی هۆڵەندا سەفەرم کرد ماوەی (دە) ساڵ لە تاراوگە ژیانم گوزەراند، سەبارەت بە ژیانی هونەری وەکو ئاشنا بوونم بەکاری هونەر هەر لە منداڵییەوە من ئاشنایەتیم هەبوو، بەڵام نەمدەزانی هونەر چییە، زۆربەی جار کە هونەرمەندانی کوردستانی ئیرانیش دەهاتن وەکو(ناسری رەزازی، نەجمەدین غولامی، مەرزیە خان چەندین تر، دەهاتنە ماڵی ئێمە و شەوان گۆرانی دەوترا و مۆسیقا عەسف دەکرا، و ئەمەش شتێکی خۆش بوو لەلای من ، بیرم دێت جارێکیان(مەرزیە) خان بە رەحمەت بێت هێشتا نازناوی دەرنەکردبوو هاتبووە ماڵی ئێمە هەموو گەڕەکی خۆمان لەماڵی ئێمە کۆببوونەوە کاك ناسری رەزازی گۆرانی دەگوت و باوکم گۆرانی دەگوت: دواتر مەرزییە خان گۆرنی گوت من دەنگم زۆر لاخۆش بوو تەواو کاریگەری لەسەر بوو من لەو کاتەوە ئاشنا بووم دواتر کە چوومە پەیمانگا زیاتر ئەم حەزەم گەشەی کرد ئێستاش ئامێری کەمان دەژەنم.



*** مامۆستا(ئیبراهیم خەیات) تا چەند گرنگی لەسەر تۆ هەبوو؟**

- باوکم هەمیشە هانی دەدایـن خزمەتی هونەر بکەین و کاریگەری لەسەرم هەبووە و هەمیشەش من حەز لە دەنگی بووە و ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکرد رۆحی لە رۆحی منەوە نزیك بوو و زۆر خۆشحاڵ بوو کە چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

*** ئەگەر باوکت هونەرمەند نەبوایە تۆ لە ناو دنیای هونەری کوردیدا خۆت دەبینیەوە؟**

- سەد لەسەد نەخێر لەوانەش بوایە من هەر هونەرمەند بوومایە باوکم ئەگەر گۆرانیبێژیش نەبوایە خۆ خاوەنی بەهرە هونەرییەکە بوو بەهرەش بیگومان لە باوکەوە دەگوزرێتەوە بۆ منداڵەکەی.

***شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستا (ئیبراهیم خەیات) لە ماڵەوە لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

- باوکم باوکێکی زۆر مۆدێرن بوو زۆر نەرم نیان بوو بیرم نایەت جارێك ئازاری دابێتم دایمە حەزی بە ئاسودەیی ئێمە دەکرد دایمە حەزی دەکرد چی باشە بۆ

هونەرمەند دەبێت هەستی خەڵک بجوڵێنێت

ئێمەی بکات.

*** لە کاتێکدا گوێبیستی گۆرانییەکی دەبیت چی یادگارییەك ئەووت لەبیر دێتەوە؟**

- من کاتێ کە گوێم لە گۆرانییەکی باوکم دەبێت ئێستاش وا هەست دەکەم لەدنیادا ماوە و لەگەڵماندایە وە هەرگیز هەست ناکەم باوکم مردووە و هەمیشە روحی لەگەڵماندایە باوکم تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ بوو گۆرانی دەگوت هەر دەنگی وەکو خۆی مابوو کاتێ گۆرانی دەگوت من یەکسەر دەگریام خۆم پێ رانە دەگیرا، ئێستا بۆیە کاتێ گوێ بیستی گۆرانییەکی دەبم (ئیبراهیم خەیات) بە هەموو کیانێکیەوە دێتەوە بەرچاوم.

*** ئەو نازناوەی تۆ هەتە پێت وانییە پشکێکی لە نازناوی مامۆستا (ئیبراهیم خەباتی) باوکتەوە بوویێت؟**

- بە تەئکید ئەوە روون و ئاشکرایە، چونکە ئەو بەردی بناغەکەیە.

*** تا چەند هەوڵت داوە کار لەسەر ئەو ستایلە و رێچکەیەی هونەرمەندی کۆچکردو و مامۆستا ئیبراهیم خەیات بکەیت؟**

- من خۆم حەز بە ستایلی ئەرەبیسك دەکەم باوکم هەرگیز ئەرەبیسکی نەوتووە، بەڵام باوم(تەرەب)ی گوتووە زۆر باشیش ئەدای کردووە، و باوکم لە ستایلی سونەتیدا کاری کردووە ئەوەی من دەمەوێت لەمەودا کاری لەسەر بکەم لەو ستایلەی باوکمەوە نزیکە.

*** باسی ئەرەبیسکت کرد هەندێك پێیان وایە ئەرەبیسك رێچکەی رەسەنایەتی لە هونەری کوردیدا دەشێوێنی تۆ دەڵێی چی؟**

- من لەگەڵ ئەو دانیم چونکە هونەر کارێکی ئینسانیە و قەومی نییە تورکیا کە ستایلی ئەرەبیسکی دروست کردووە خۆ تورکی نییە عەرەبییە و هاتووە سوودی لێوەرگرتووە، بۆ هونەرەکەی خۆیی تورك ستایلی پۆپی هەیە کە لە هونەری ئەمەریکیەوە وەرگیراوە بەڵام ئەوان دەیکەن بە تورکی و سوودی لێوەردەگرن گۆرانی بێژی ئەوروپی هەیە کەمانچە ژەنێکی شەرقی کاری لەگەڵ دەکات، و کارێکی زۆر ئاساییە ئەگەر ئێمە سوود لە مۆسیقای نەتەوەیەکی تر وەربگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری کوردی.

*** باشە دەبێت ئێمە لە ناو هونەر و گۆرانی نوێدا رەسەنایەتی خۆمان لە یاد بکەین؟**

- نەخێر هەرگیز نابێت رەسەنایەتی خۆمان لە یاد بکەین کەسانێکی زۆریش کار بۆ خزمەت کردنی رەسەنایەتی لە هونەری کوردیدا دەکەن، فارسەکان کارلەسەر ئامێری سوونەتی دیکەن ئێمەش زۆرجار تەقلیدیان دەکەینەوە کەچی کەسی باسی ئەوە ناکات بەڵام هەموو هەر باسی ئەرەبیسك دەکەن باشە فارسەکانیش هەر بێگانە و نەتەوەیەکی جیانین لە ئێمە.

*** کەی هەست دەکەیت باوکت روحی ئارامە؟**

- من دڵنیام لەوەی باوکم روحی ئارامە بەوەی نەوەکانی هەمووی لە خزمەتی هونەری کوریدا کار دەکەن، ئێمە چوار برا و پێنج خوشکین (گۆرانی)ی برام ئێستا لە دانیمارك دەژی سەرقاڵی کاری ئاواز دانان و دابەشسکردنی موزیکە و ستۆدیۆکیش هەیە کار بۆ هونەرمەندان دەکات(ژیان)ی خوشکم سەرقاڵی کاری نواندنە هەموو کارەکانی دەبینن، (جیهان)ی برام خاوەنی دوو ئەلبوومی گۆرانییە(منیش) جار جار هەوڵ دەدەم خزمەتێك بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی بکەم (کیژانی) خوشکیشم هەمووتان دەزانن سەرقاڵی گۆرانی گوتنە و خزمەت دەکات وە بەرزانی برام لە هۆڵەندا دکتۆرا دەخوێنێ خوشکەکانی تریشم دەنگیان خۆشە، بەڵام سەرقاڵی کاروباری تری خۆیانن.

*** (کیژام) ئێستا ئافرەتێکی چالاکی بواری هونەری گۆرانییە دەکرێت بپرسم کێ لە پشت دەرکەوتنی کیژانەوە بووە؟**

- من پێم وایە دروست کیژان تەنیا باوکم بووە باوکم زۆر هانی دەدا خۆش هەوڵ دەدات کاتێ لە پەمانگا بوو، چونکە دەنگێکی باشی هەبوو زوو دەرکەوت.

*** تۆ تا چەند هاوکاری کیژان بوویت؟**

- من هاوکاری بووم هانم داوە بەڵام تەنیا گۆرانی (بەسە دڵم وام لێمەکە) من بۆم ئامادەکردووە کە ئەمەیش دەنگ دانەوەی خۆی هەبووە.

*** بەنیاز نیت بەیەکەوە گۆرانی بڵێن؟**

- لەوانەیە لە ئایندەدا ئەمە روودات.

*** ئایندەی کیژان لە بواری هونەردا چۆن دەبینیتەوە؟**

- ئەگەر وەك خۆیی بمێنێتەوە بە تەئکید ئایندەیەکی گەش و روونی دەبێت یەکێك دەبێت لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی کورد.

*** تۆ وەکو خۆت تا چەند شارەزایی بوارەکانی مەقامیت؟**

- شارەزاییم لە هەندێ بواری مەقامدا هەیە و زیاتر هەوڵ دەدەم.

*** تا چەند مەرجە هونەرمەند شارەزایی بواری مەقام بێت؟**

- مەرج نییە گۆرانیبێژ شارەزایی بواری مەقام بێت و بڕواناکەم( حەسەن زیرەك)شارەزایی بوارەکانی مەقام بووبێت بەڵام بەهرەکەی هەبووە.

*** تۆ پێت وایە کەی ئێمە دەبینە خاوەنی فەرهەنگی هونەری جیهانی؟**

- ئەو کاتەی کە بووین بە وڵاتێکی سەربەخۆ هەر چەند من گەشبینم بەوەی میللەتەکەمان زیاتر هەوڵ دەدات بەرەو پێش بڕوات زیاتر بایەخ بە هونەر دەدرێت.

*** تا چەند گرنگە هونەرمەندانی ئەمڕۆ هەوڵ و ماندوبوونی هونەرمەندە بە ئەزموونەکانی پێش خۆیان لە یاد نەکەن ئەو سوود لە هەولانەی ئەوان وەربگرن بۆ پێش خستنی هونەری ئەمڕۆ؟**

- من پێم وایە ئەو سەردەمە کە باوکم تیایدا گۆرانی دەگوت زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەمڕۆ ئەوکاتە خەڵك بۆ پارە و پول و نازناو وکاری نەدەکرد ، بەڵام ئێستا زۆرکەس هەیە حەزی لە نازناوە یاخود ئەیانەوێت پارەی چاکیان دەست بکەویت کە پێم وایە ئەمانە هەرگیز سەرکەوتوو نابن و کەسانێك هەن ئێستا بەپێچەوانەوە بە جدی هەوڵی خۆیان دەدەن حەزیان لە هونەرەو ئەوانە دڵنیام رێچکەی هونەرمەندانی پێش خۆیان لە یاد ناکەن و سەردەکەون.

*** کەواتە تۆ سەرکەوتنی هونەرمەند لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- دەبێت هونەرمەند هەستی خەڵك بجولێنێت، ئەنجا ئەگەر خۆشی بێت یان ناخۆشی، دەبێت هونەرمەند راستگۆبێت لەگەڵ خویی و گەلەکەیدا.

*** لەگەڵ کاری هونەری گۆرانی و مۆسیقادا بێژەرێکی سەرکەوتویت، چۆن توانیووتە هاوسەنگی رابگرێت؟**

- دیارە کار بێژەریش پێموایە بەشتێکی تری هونەرە حەز و خولیای من بۆ کارەکە وایکردووە کە هاوسەنگی رابگرم لە نێوان گۆرانی و مۆسیقا و هونەری بێژەریدا و رای خەڵکیش لەسەر کاری بێژەری من پۆزەتیڤە و خەڵکی لە بەرنامەی (میوانی تۆین) رازین.

*** لە دیمانەیەکدا باسی ئەوە دەکەین هەندێ هونەرمەند لە بەرنامەکەی تۆ ترسیان هەیە هۆکاری ترسەکە چییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەداخەوە هەندێ هونەرمەندمان هەیە ناتوانن بەڕاشکاوی قسەی خۆیان بکەن کاتێ کامیرا دەبینن دەچنە حاڵەتێکی زۆر جدییەوە من دەمەوێت لەبەرنامەیەدا ئەو جیدییاتە نەهێڵم کاتێ ئەوە هاتووە شتەکان بەڕاشکاوانە پێشکەش بکرێت و بەڕاشکاوانە قسەی خۆت بکەیت.

*** دوایین پرۆژەت چییە؟**

- دەمەوێت بەرنامەی میوانی تۆین تۆزێك فراوان تر بکەم تەنیا بۆ هونەرمەند نەبێت بەڵکو خەڵکی تریش لە ئامێز بگرێت و بەنیازم یەك دوو بەرهەمی تری گۆرانی بەشێوەی کلیپ پێشکەش بکەم.


**دیمانە: سۆران مارف**
Soran_marf1980@yahoo.com


**زۆر ئاساییە ئەگەر ئێمە سوود لە مۆسیقای نەتەوەیەکی تر وەربگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری کوردی**

**کاتێ ئەوە هاتووە شتەکان بەڕاشکاوانە پێشکەش بکرێت و بەڕاشکاوانە قسەی خۆت بکەیت**







**پێی وایە هەر زێڕ و خشڵێک نانسی عەجرەم بەکاری بهێنێت جوان دەبێت**

## وەفا حەرەکە:

# بەکارهێنانی زێڕ بۆ هونەرمەندان کارێکی زەحمەتە



وەفـــا حەرەکە یەکێکە لە دیزاینـــەر بەناوبانگەکانی هەڵبژاردنی زێڕ و زیو و خشڵ و بەردە بە نرخەکان، لە لوبنان بە (ئافرەتی رەنگاو رەنگ) ناسراوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەو کارەی دەیکات زۆر پەیوەندی بە رەنگەکانەوە نییە، بەڵام لە کاری خۆیشـــیدا زۆر حەز لە بەکارهێنانی رەنگ دەکات و پێـــی وایە هەر ئافرەتێك پێویســـتی بە رەنگی جیا جیای ئەو خشـــڵ و بەردانە هەیە کە بزانێت چۆن و لە چ کاتێکدا بیانپۆشـــێت. زۆر لە ئافرەتە هونەرمەنـــدە بەناوبانگەکانی لوبنان بۆ هەڵبژاردنی زێڕ و خشڵەکانیان پشتی پێ دەبەستن وەك مادلیـــن مەتەر و جوانا مـــەلاح و چەندانی دیکە، ئەم ئافرەتە رەنگینە هەرچەندە دەرچووی کۆلێژی دەرمانسازییە، بەڵام دوور لـــە بواری خوێندنی رووی لـــەم کارە کردووە و تا رادەیەکی زۆریش تێیدا ســـەرکەوتوو بووە و بەشداری لە چەندین پیشـــانگای نێودەوڵەتی کردووە و خاوەنی چەندین بڕوانامەی جیهانییە لەو بوارەوە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا وەفا ئەلحەرەکە بەم شـــێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

  

## دیزاینی زێڕ و بەردە بە نرخەکانی هونەرێکی بەرزە

سەرەتا دەربارەی کاری دیزاینەری زێڕ و بەردە بە نرخەکان و پەیوەندی نێوان ئەم کارە و هونەر و ئایا ئەم کارە بە بازرگانی یان هونەری دەزانێت دەڵێت: دیزاینەری زێڕ و بەردە بە نرخەکان بۆ من هونەرە، هونەرێکی زۆر بەرزیشە منیش مرۆڤێکی عاشقی هونەرم بە هەموو جۆرەکانییەوە چ گۆرانی یان مۆسیقا یان سینەما یان شێوەکاری بێت، کاری من هەر ئەوە نییە لە پشت مێزەوە دابنیشیت و هەر کەسێك شتێکی ویست بۆی بهێنی، بەڵکو کارێکە لە خەیاڵەوە هەڵقوڵاوە، من کە شتێك دەبینم زۆر بیری لێدەکەمەوە ئینجا تێبینییەکانم دەنووسمەوە و هەوڵ دەدەم سوود لەو تێبینیانە وەربگرم بە یارمەتی چەند کەسێکی تایبەت و پسپۆر کە لەگەڵمدا کار دەکەن، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە کار کردن لەبواری زێڕ و بەردە بە نرخەکان هەستێکی تایبەتی هەیە و ئەگەر تەنیا بۆ بازرگانی ئەوا دەبێتە کارێکی مردوو و بێ هەست، زۆر جار بازرگانان داوام لێدەکەن کە هەندێك لە دیزاینە تایبەتەکانی خۆمیان پێشکەش بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی دەیانەوێ بۆ کاری بازرگانی دوور لە هونەر سوودی لێ وەربگرن ئەوا من هیچ کاتێك ئامادە نەبووم تەنانەت یەك دیزاینەری خۆشمیان پێشکەش بکەم، چونکە وەك گوتم من وەك هونەر سەیری ئەو کارە دەکەم.

### هونەرمەندان گرنگییەکی زۆر بەم کارە دەدەن

وەفا یەکێکە لەو ئافرەتە دیزاینەرانەی کە چەندین هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی بۆ هەڵبژاردنی زێڕەکانیان سەردانی دەکەن و راوێژی پێ دەکەن بۆی ئەوەی بە جوانترین شێوە دەربکەون، لە بارەی ئەم هونەرمەندانەش دەڵێ: زۆر لە خانمە هونەرمەندە لوبنانییەکان سەردانم دەکەن بۆ کڕینی زێڕ و خشڵەکانیان لەوانە مادلین مەتەر و جوانا مەلاح و لۆرا خەلیل و چەندانی دیکەش ئەمانە بە شێوەیەکی بەردەوام دێن، نانسی عەجرەم جارێك هاتووە، مەرج نییە هەر جارێکیش هاتبن شتیان کڕی بێت، بەڵکو زۆر جار تەنیا بۆ ئەوە دێن بزانن چ جۆرە زێڕێك بۆ ئەوان جوانە و گونجاوە لەگەڵ رەنگ و شێوەی رووخسار و سەروسیمایان یان بۆ ئەوەی بزانن چی نوێ هەیە لە بازاڕ و چی هاتووە، بێگومان هەڵبژاردنی بۆ ئافرەتێکی هونەرمەند کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و دەیەوێ بە جوانترین شێوە لەبەردەم جەماوەر دەربکەوێت جیاوازی هەیە لەگەڵ ئافرەتێکی ئاسایی بۆیە دەبێ بۆ هونەرمەندان ئەم کارە زۆر بە وردی ئەنجام بدەی بۆ نموونە مادلین مەتەر دەبێ شێوەیەکی وای بۆ دیاری بکەی زیاتر رەنگی زێڕ و برۆنزی بەسەردا زاڵ بێت، هەروەها بەردی زەرد و پرتەقاڵی و ئەلماس قاوەیی، چونکە رەنگی سپی بۆ شێوەی رووخساری مادلین زۆر جوان نییە، نانسی عەجرەمیش (بە پێکەنینەوە) هەموو جۆرە زێڕ و بەردێك بۆ شێوەی روخساری گونجاو وجوانە، بەڵام بە زۆری ئەڵماسی سپی بۆ نانسی جوانە بە هەمان شێوە بۆ نەجوا سوڵتان و کارول سەماحەش ئەڵماسی سپی زۆر جوانە و دەبێتە هۆی زیاتر دەرکەوتنیان، سەبارەت بەو هونەرمەندانەی کە رەنگی پێستیان رەشە یان رەش تاڵەیە وەك نەجوا کەرەم زومرد و ئەڵماسی سپی بەزۆری زۆر جوانە، بێگومان ئەمانە باسیان دەکەم لە حاڵەتی سروشتیدا وان ئەگەر مکیاژێکی دیاریکراو بکەن ئەوا رەنگ و شێوەی ئەو زێڕانەی بەکاریشی دەهێنن دەگۆڕێت.

### ئافرەت بە هەبوونی زێڕەوە هەست بە ئارامی دەکات

دەربارەی کلتوری ئافرەتی رۆژهەڵاتی لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی زێڕ و خشڵ و بەردە بە نرخەکان و ئاستی زانیارییان لەو بارەیەوە وەفا دەڵێ: ناکرێ بڵێین ئافرەتی رۆژهەڵاتی بە گشتی، چونکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی رۆژهەڵاتی زیاتر لە ئافرەتی رۆژئاوایی حەز لە زێڕ و ئیکسسوار دەکات ئەمەش لە دوو لایەنەوەیە لایەنێکی پەیوەندی بە جوانییەوە هەیە لایەنی دیکەش پێی وایە زێڕ وەك گەنجینەیەك وایە و بە هەبوونی زێڕێکی زۆر هەست بە ئارامی دەکەن بۆ دواڕۆژ و رووداوی هەر رووداوێك یان گۆڕانکارییەك، بەڵام ئێستا ئەو فەرهەنگە تا رادەیەکی زۆر گۆڕاوە، جاران ئافرەت بە درێژایی تەمەنی رەنگە یەك جۆرە زێڕی هەبوایە و لە هەموو بۆنەکاندا هەر ئەوەی بەکار بهینابایە، ئێستا وای لێهاتووە هەر جۆرە جلوبەرگێك یان هەر بۆنەیەکی زێڕی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستە ئافرەتەکە پێی دەرکەوێت و بۆتە جۆرە مۆدەیەك و زۆر جار ئافرەتان خۆیان دێنە لام و داوای پارچەیەك دەکەن کە پێشتر لەو شێوەیە نەبووە و نوێیە یان من خۆم وەك دیزاینەرێك شێوازی نوێ دادەهێنم کە ئافرەتان ئارەزووی لێدەکەن.

### زۆر جار من زێڕی هونەرمەندان هەڵدەبژێرم

زۆر لە ئافرەتە هونەرمەندەکان بە بەردەوام سەردانی شوێنی وەفا دەکەن بۆ کڕینی زێڕ و خشڵ و بەردە بە نرخەکان، بەڵام وەك دیزاینەرێك ئایا ئەو رەنگ و شێوە و جۆری زێڕەکانیان بۆ دیاری دەکات یان ئەوان بۆخۆیان هەڵیدەبژێرن، لەم بارەیەوە وەفا دەڵێ: من ئازادی هەڵبژاردن بە هەموو ئەو کەسانە دەدەم کە دێن بۆ کڕینی زێڕ لە لای من بە ئافرەتە هونەرمەندەکانیشەوە، چونکە ئەمە تایبەتە بە ژیانی و شێوەی خۆیانەوە و ئازادن چ جۆرێك هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەگەر بینیم شتێك هەیە بۆ هونەرمەندێکی وەك نەجوا کەرەم وەك پێویست جوان نییە ئەوا نارەزایی دەردەبڕم لەسەر هەڵبژاردنەکە و پێی دەڵێم: ئەوەی تۆ هەڵتبژاردووە بۆ تۆ زۆر جوان نییە و لە جیاتی ئەو پارچەیە شتێکی دیکە بۆ خۆت هەڵگرە ئەوانیش گوێ لە ئامۆژگارییەکانی من دەگرن، چونکە رێز لەوە دەگرن کە من چەندین ساڵە خەریکی ئەو کارەم بۆیە زۆر جار خانمە هونەرمەندەکان دوای ئەوەی زێڕیش دەبن دوای ماوەیەك دەیگەڕێننەوە و پێم دەڵێن قسەکەی تۆ راست بوو.





# ئارام تیگران :
# کورد و ئەرمەن کۆنترین گەلانی سەرزەمینن

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا هونەرمەندی گەورەی ئەرمەنی ئارام تگران لە ئەسیتای پایتەختی یۆنان کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ٥٦ ساڵی تەمەنی لە خزمەتکردنی هونەری کوردی بەسەر برد و یەکێك بوو لەو دەنگانەی بۆ ئاشتی و ئازادی گۆرانی بە زمانەکانی کوردی و ئەرمەنی و عەرەبی گوت.

ئارام لە ساڵی ١٩٣٤ دوای ئەوەی خانەوادەکەیان لە ئەرمەنستانەوە ڕاگوێزران بۆ سوریا لە قامیشلۆ لەدایك بوو.

ئارام تیگران هەر زوو کەوتە ژێر کاریگەری گۆرانی و موزیکی کوردی، یەکەم گۆرانی کە ئاوازی بۆ دانا گۆران (شەڤ چوو) ی شاعیری نەمر جگەر خوین بوو کە دواتر چەندین هونەرمەندی دیکە گوتیانەوە و لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو.

ئارام یەکێك بوو لەو هونەرمەندە ئەرمەنیانەی کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر هونەرمەندانی هەموو پارچەکانەوە هەبوو و بەشداری شۆڕش و بەرخودانی میللەتی کورد بوو بە گۆرانی و موزیك و (شەڤ چوو، ئەی دلبەرێ) و چەندین گۆرانی دیکەی شاهیدی ئەوەن هەر بۆیەش لەنێو کلتوور وهونەری هەردوو میللەتی کورد وئەرمەنی بە سیمبولێك بۆ یەکگرتووی کلتوور و برایەتی نێوان گەلان دەناسرێت، ئارام لەسەر وەسیەتی باوکی خۆی هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ گەلی کورد بەسەر بردووە و پاڵپشتی ئێش و ئازارەکانی بووە و هەوڵیداوە نیشانی جیهانی بدات.

**کورد وئەرمەن کۆنترین گەلن**

ئارام تیگران لە دیمانەیەکدا دەربارەی دۆستایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد وئەرمەن وخاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان دەڵێت:

بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە کورد و ئەرمەن لە گەلە هەرە کۆنەکانی سەر زەمینن، ساڵەهایە وەك برا پێکەوە ژیاون، گەلی کورد چاکەی زۆری بەسەر منەوە هەبووە، باوکم هەمیشە دەیگوت من لە سایەی کورد وبە هۆی گیانی برایەتی و ڕێزگرتنی ئەوانەوە لە ژیان ماوم، چونکە لە کاتی قەتلو عام کردنی ئەرمەنەکان خێزانێکی کورد ئەویان ڕزگار کردبوو، بۆیە خۆی بە قەرزاری گەلی کورد دەزانی وهەمیشە بە منی دەگوت: کوڕم هەتا تۆ لە ژیان مابی هاریکاری گەلی کورد بکە، ئێستا تۆ ساغی ولەپێش چاوی منی، باش بزانە ئەمە لەسایەی گەلی کوردەوەیە ودەبێ هەمیشە تۆ لە خزمەتی ئەواندا بی، بە هونەری خۆت و بەردەوام بوون لەگەڵیان درێژە بە دۆستایەتی ئەوان بدە، منیش وەسیەتی باوکی خۆم بە جێگەیاند و هەمیشە هەوڵمدا لەوقسەیە دوورنەکەومەوە.

بە عود دەستپێکرد وبە جەمبوش ناسراوە

مامۆستا ئارام تیگران بە ئامێری جەمبوش ناسراوە کە هەمیشە لەگەڵی بوو، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی بە ئامێری عود بوو،لەمبارەیەوەش دەڵێ: لەو کاتەی من دەستم بە کاری هونەری کرد وەك ئێستا تەکنۆلۆژیا و ئامێر نەبوون، بۆیە من زیاتر پشتم بە دەنگی خۆم بەست وزۆریش هەوڵماندا بە عود کار بکەین، بەڵام دەنگی نزمە، جارێکیان من چووبووم بۆ ئاهەنگێك بینیم کە لە شاری ئامەدە کۆمێکیان هێناوە، لەوێ چاوم بە جەمبوش کەوت دەنگی زۆر بەرز وخۆش بوو بۆ من، زۆر مەراقم کرد وسەیرم کەکانی وەك هی عود وایە، لەبەر بڵندی دەنگی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر من هەبوو و بڕیارمدا بۆخۆم جەمبوشێك پەیدا بکەم، دواتر دانیەکم لە تورکیا هێنا ودەستم بە جەمبوش کرد.

**دایك و باوکم بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکردین**

ئارام تیگران لە باوکێکی ئەرمەنی بوو،بەڵام بە زمانێکی کوردی ڕەوان قسەی دەکرد لەم بارەوەیەوەش دەڵێ: دایك وباوکم بە کوردی قسەیان دەکرد، هەمیشە لە ماڵەوە زمانی سەرەکییان کوردی بوو، هیچ جارێك نەمبینی بە ئەرمەنی قسە بکەن وبە زمانێکی کوردی زۆر خۆش قسەیان دەکرد ئێمەش لەوانەوە فێرە کوردی بووین، باوکم شاعیر بوو شیعری بۆ من دەنووسی گۆرانییەکانی (بلبلو، دێچم دێچم) وچەندین گۆرانی دیکەی بۆ من نووسیوەتەوە.

**بلبولو هێمایە بۆ گەلە ژێر دەستەکان**

لە گۆرانییەکانی ئارام تیگران هەمیشە هەست بە بوونی دەکرێت وەك ئەوەی پێکەوە بەستراو بن، دەربارەی ئەمەش هونەرمەندی خوالێخۆشبوو دەڵێ: ڕاستە لەو هۆنراوانەی کردووم بە گۆرانی هەست بەبوونی بولبول دەکرێت،مەسەلەی بولبول و کورد وئەرمەنی وسوریانی وهەموو گەلە ژێردەستەکان وەك یەکە،بۆ من بولبول هەمیشە بە فرمێسکەوە بۆ وڵاتەکەی دەخوێنێت، ئەو گەلە کۆنانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەمیشە لەسەر خاکی خۆیان ئاوارە و غەریبە وراگوێزراون، بولبول هێلانەی خۆی نییە وئەگەر هەشی بێتئەوا لە غەریبی دروستی کردووە،ئێمەش وەك بولبول بێ هێلانەین.

**ئارام هونەرمەندێکی ئەرمەنی بوو کە بەشداری شۆڕشی کوردی کردووە**

WEEKEND BOX OFFICE ACTUALS.(U.S)

# WEEKEND BOX OFFICE ACTUALS. (U.S)

# ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەستهێناوە

## فیلمی جی ئای جۆی لە پێشەوەی هاری پۆتەرە

G.I. Joe: The Rise of Cobra بووە باشترین فیلمی ئەم هەفتەیەی سینەماکانی ئەمەریکا فیلمی هاری پۆتەر هەروا لە دواکەوتندایە

فیلمی نوێی هۆلیۆد G.I. Joe: The Rise of Cobra توانی لە هەفتەی یەکەمیدا، پلەی یەکەمی سینەماکانی ئەمەریکا بەدەست بێنێت بە کۆکردنەوەی ٥٦،٢ ملیۆن دۆلار لەماوەی تەنها سێ رۆژدا.

ئەم فیلمە باس لە کۆمەڵێکی لێهاتو ئەکات لە سوپا بەناوی G.I. Joe بەرەنگاری رێکخراوێکی درندەو شەڕەنگێز دەکەن، و سەرۆکی رێکخراوەکە بازرگانێکی چەك و تەقەمەنییە.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "ستیڤن سومرز"ە و هەریەك لە ئەکتەران: ئەکینۆی ئیجباجی، کریستوڤەر ئیکسلیستۆن، راچێل نیکۆلاس، گریگۆری فیتوسی رۆڵی پاڵەوانانی فیلمەکە دەگێرن.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:

١- G.I. Joe: The Rise of Cobra) ٥٦،٢ ملیۆن دۆلار

٢- Julie & Julia) ٢٠،١) ملیۆن دۆلار ئەم فیلمەش لە فیلمە نوێیەکانی هۆلیۆدە و ئەم رێژە داهاتەی لەماوەی سێ رۆژ پەیداکردووە.

فیلمەکە باس لە ژیانی جولی و جۆلیا دەکات لە چوارچێوەیەکی کۆمیدیا، کەوا هەر یەك لە جۆلی و جۆلیا لەشوێن و کاتی جیاواز دەژین بەڵام بۆیان دەردەکەوێت کەوا بە یەکگرتن دەتوانن هەمو شتێك بکەن.

٣- G-Force) ٩،٨) ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە "هێزی راکێشان" هەفتەی پێشوو هەر لەهەمان پلەدابوو، تائێستا ٨،٦١ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە باس لە گروپێك بەرازی لێهاتووی گینیا دەکات کە رێگە لە کابرایەکی دەوڵەمەند دەگرن بۆ ئەوەی نەتوانێت مەرامەکانی بهێنێتە، چونکە دەیەوێت جیهان داگیر بکات.

٤- Harry Potter and the Half-Blood Prince) ٨،٩ ملیۆن دۆلار

فیلمی "هاری پۆتەر و میری دورەگەز" لەپلەی دووەمەوە هاتە خوارەوە بۆ پلەی چوارەم، وتائێستا بڕی ٨،٢٧٣ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە وا دەست پێدەکات کاتێك هاری دەست دەکاتەوە بە خوێندن بۆ ساڵی شەشەم لە قوتابخانەی سیحردا، پەرتوکێك ئەدۆزێتەوە لەسەری نوسراوە "ئەم پەرتوکە تایبەتە بە میری دو رەگەز" و لێرەوە زانیاری زیاتر وەردەگرێت لەسەر رابردوی قوتابخانەکەی و ئەو میرە...

٥- Funny People) ٧،٩) ملیۆن دۆلار ئەم فیلمە هەفتەی دوهەمە کەوا بەژداری دەکات و لە هەفتەی یەکەمدا توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت و تائێستا ٤٠،٤ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە باس لە کابرایەك دەکات بەناوی جۆرج کە ئەکتەرێکی کۆمیدیە، و بەدەست نەخۆشییەکەوە ئەناڵێنێت کەلەخوێنیدا پەیدابوو ناتوانێت چارەسەری بکات، و تەنها یەك ساڵ ژیانی ماوە. رۆژێکیان جۆرج چاوی ئەکەوێت بەئەکتەرێکی کۆمیدی لەخۆ بایی بەناوی "ئیرا" . جۆرج داوای لێدەکات کەوا لەگەڵی کار بکات هەم وەك یاریدەدەر و هەم وەك هاورێیەکیش.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "جود ئەباتۆ" یەو پاڵەوانانی فیلمەکە (ئادەم ساندلێر، و سیس رۆجێن، و لیسلی مان .....)

٦- The Ugly Truth) ٧) ملیۆن دۆلار

فیلمی "راستیە تاڵەکە" هەفتەی پێشو پلەی چوارەمی بەدەست هێنابو، و تائێستا ٦٩،٠٩ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

٧- A Perfect Getaway) ٥،٧) ملیۆن دۆلار ئەم فیلمە هەفتەی یەکەمە بەژداری دەکات، و توانیویەتی لەماوەی چوار رۆژدا ئەو داهاتە کۆبکاتەوە. فیلمەکە باس لە ژن و مێردێکی تازە دەکات بۆ ئاهەنگی گواستنەوەیان دەچن بۆ دورگەیەکی زۆر جوان لەنزیك "هاوای" وادەزانن شوێنەکە بەهەشتە، بەڵام لەناکاو دەبێتە دۆزەخ و زۆر بە دڵتەزێنی زاوا دەکوژن...

٨- liens in the Attic)٤) ملیۆن دۆلار ئەم فیلمە هەفتەی دوومە بەژداری دەکات، لەهەفتەی یەکەمیدا پلەی پێنجەمی بەدەست هێنابو، تائێستا ١٦،٣ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

٩- Orphan) ٣،٧) ملیۆن دۆلار

١٠- Days of (٥٠٠)) ٣،٧ Summer) ملیۆن دۆلار.











**فیلمی هاری پۆتەر لە دواکەوتندایە**

ئا: عەبدوڵا چنگیانی